ژمارە: ١٩١

٢٤/ ١١ /٢٠٢٠ زاینی

## ئـــاگـــاداری

## ب/ کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە ( ٦١ )

پارێزگای هەولێر / بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەیێنێت بۆ پرۆژەی (خاوێنکردنەوە و کۆکردنەوە و گواستنەوەی زبڵ و پاشماوەکانی شارەوانییەکانی ( شەقڵاوە ، هەریر ، باسرمە ، بالیسان ، کۆڕێ ، هیران ، گوندەکانی دەورووبەریان ) کە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر) پێی هەلدەستێت. جا هەر بەلێندەرو کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە بـا سـەر لە بەرێـوەبەرایەتی ژمێریاریمـان بـدەن بە مەبەسـتی وەرگرتنـی وێـنەیەك لە تەنـدەر و مەرجەکـانی بەلێندەرایەتی پـرۆژەی سـەرەوە بە مەرجێـك وەرگرتنـی ئەو تەنـدەرانە دەبـێ لە نـاو زەرفێکـی مـۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەلێندەر یا کۆمپانیا لەسەری نوسرا بێت و پێش کەش بە سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لە دیوانی پارێزگـای هەولێـر / کـارگێری خـۆجێیەتی بکـرێ وە دوا کـاتیش بـۆ وەرگـرتنەوەی تەنـدەرەکان کـاتژمێر(١٢)ینیـوەڕۆ رۆژی ( چوار/ شەممە) ڕێکەوتی ٩/ ١٢/ ٢٠٢٠ دەبێت . وە مەرج نیە فەرمانگەکەمان بە نزمترین نرخی تەندەر رازی بێت .وە کرێی بلاو کردنەوەی راگەیاندن دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

**مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر :**

- کۆمپانیا تایبەتمەند بێت بە خزمەتگوزاری پاککردنەوە وە پشتگیری نوێ کراوەی ساڵی (٢٠٢٠)ی هەبێت .
- پشتگیری باجی دەرامەت نوێ کراوە بێت .
- بارمتەی سەرەتایی بە بری (٢١٥،٠٠٠،٠٠٠) دوو سەد و پازدە ملیۆن دینار بە شێوەی ( خطاب ضمان ) یان چەکی پەسەند کراو لە یەکێك لە بانکەکانی هەرێم.
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا لەگەڵ خۆی بێنێت وە بەناوی خۆی بێت ، ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت .
- فرۆشتنی تەندەر (١،٠٠٠،٠٠٠) یەك ملیۆن دینار کە ناگەڕێتەوە ، وە رۆژانە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی تاکو (١) دوای نیوەڕۆ دەبێت.

تێبینی :-

هەر کۆمپانیایەك دەتوانێت تەنها لە دوو تەندەر بەشداری بکات .

دوو رۆژ پێش کردنەوە تەندەر نافرۆشرێت .

**مافپەروەر**

**هێمن قادر**

**ل / پارێزگاری هەولێر**

**٢٠٢٠/١١/**

وێنەیەك بۆ :-

- ✓ وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە رۆژی کردنەوە و شی کردنەوەی تەندەر / لەگەل ڕێزماندا ...
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر/ بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە رۆژی کردنەوە و شی کردنەوەی تەندەر / تکایە......
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی تەندەرەکان
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری — بۆ جێ بەجێ کردن و کاری پێویست......
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان.
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی (I .T)
- ✓ رۆژنامەی خەبات / تکایە ئاگاداریەکە بلاو بکرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەل ڕێزماندا ......
- ✓ رۆژنامەی هەولێر / تکایە ئاگاداریەکە بلاو بکرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەل ڕێزماندا ......
- ✓ یەکیەتی بەلێندەرانی کوردستان/ لقی هەولێر بۆ ئاگاداریتان .
- ✓ هۆبەی فرۆشتنی تەندەرات / بۆ کاری پێویست